قوباد تالەبانی: سندوقی هاوکاریی بۆ زیانلێکەوتوانی چەمچەماڵ دروستدەکرێت

قوباد تالەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم هایگیاند، لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە ڕووداوی لافاوەکەی چەمچەماڵ دەکەن و سندوقێك دروستدەکەن بەمەبەستی کەمکردنەوەی هاوکاری بۆ زیانلێکەوتوان. هەروەها کاری لەپێشینەیان چارەسەرکردنی خێڵک، دابینکردنی شوێنێ بۆ ئەوانەی ماڵەکانیان تێکچوە.
قوباد تالەبانی، ئەمڕۆ چوارشەممە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە چەمچەماڵ کە خەندان ئامادەی بو هایگیاند، قەبارەی بارانبارینێکی لەم سنور ئێکجار زۆر بوە، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەن و لیژنەی تایبەتی بۆ پێکهێناوە، بەڵام کاری لە پێشینەیان گەیاندنەوەی خێڵکە بۆ ناو ماڵەکانیان.

ئاماژەی بۆشکرد، سندوقێك دروستدەکرێت، کە خێرخوازان و یەکێتی و حکومەت پارە کەدەکەنەوە.
سەرجەم هاوکارییەکان دەچێتە سندوقەکەوە سەیری زیانەکان دەکەین و بە ئاوێی بە دادپەروەری قەرەبوی ئەو کەسانە بکرێتەوە کە زیانیان پێگەیشتوە.

قوباد تالەبانی دەڵێت، "ئەمڕۆ ڕۆژی خەمخۆرییە نەك بەخشینەوەی تەمەت و تەمەتبارکردن، بەڵام لێکۆڵینەوەی ورد لە هەکاری ڕووداوەکە دەکەین".